بەچی شۆشی رۆژئاڤا شکستی هێنا؟ – چاوپێکەوتنی گۆڤاری بەرگری لە مارکسیزم لەگەڵ فرەد وەستەن

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: گەران عەبدوڵا

بە ماوەی چەندین ساڵ، شۆشی رۆژئاڤا وەک نموونەیەکی شۆشگێڕانە سەیردەکرا. ئەمە خیانەتی لە کراوە. بە فەربوون لە وانەکانی ئەم بزووتنەوە قارەمانە و شکستە تراژیدیەکەی، گفتووگۆیەکمان ئەنجامدا لەگەڵ فرەد وەستەن، نووسەری (رۆژئاڤا: بەچی شۆشکەی شکستیهێنا؟) لە ژمارەی تازەی گۆڤاری بەرگری لە مارکسیزم بڵاوبۆتەوە.
هەروەها فرەد لە مانگی داهاتوودا لە قوتابخانەی جیهانیی کۆمۆنیزم لەسەر ئۆزموونی شۆشی رۆژئاڤا قسە دەکات ، گەورەترین قوتابخانەی ئۆنلاین بۆ بیرکەرەکۆمۆنیستییەکان لەسەر گۆی زەوی.

• لە سەرەتای وتارەکەتدا، بەکورتە مێژوویەک دەستپێدەکەیت لەسەر چۆندین خیانەت کە لەگەڵی کورد کراوە، بۆ تایبەتی لەلایەن ئیمپریالیزمی بەریتانییەوە. بە وردی چۆن پێتوایە ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا خیانەتی لە کورد کردووە؟

پاش شکستهێنان و رووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لە شەڕی یەکەمی جیهانییدا ، ئیمپریالیزمی بەریتانیا بەهەکاری بەرژەوەندیەکانی هەستا بە دابەشکردنی ناوچەکە. کورد وەک ئیتنیکێکی نەتەوەیی لە ناوچەکە بەشێک بوون لە کێشمەکێشەکان وە بەریتانییەکان بەکاریانیانهێنا وەک چۆن هەموو گەلێک بەکاردەهێنن کاتێک پێویستیان پێیانە و کاتێک پێویستیان پێیان نییە پشتیان لێدەکەن.
لە بنەڕەتدا بڕیارنیان بۆ کوردەکان دا کە دوای جەنگی جیهانیی یەکەم دەتوانن سەربەخۆیی خۆیان بەدەستبهێنن. مەبەست لەوە ئەوە بوو کە کوردەکان بەکاربهێنن دژی عوسمانییەکان. کاتێک جەنگ کۆتایی هات و ئیمپراتۆریەتی عوسمانی ڕووخا و تورکیا پێکهات، بەریتانییەکان پێشیمان بوونەوە و خیانەتیان لە بڕیارنەکانی خۆیانکرد و لەگەڵ تورکیا ڕێککەوتن کە کوردستان سەربەخۆ نەبێت.

لە ئاستیدا، خاکی کوردەکان پارچەپارچە کرا: بەشێکی خرایە سەر تورکیا و بەشەکانی تریش خرانە ناو چوارچێوەی ئێو وڵاتە نوێیانەی کە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە دروست کران وەک سوریا، عێراق و هتد. عێراق بوو بە بەشێک لە ئینتیدابی ئیمپریالیزمی بریتانی کە خواستی سەربەخۆیی دەستکەوتنی نەوت بوو. کاتێک کوردەکان لە قەناغێکی دیاریکراودا بوونە هێزی کۆنترۆڵی بەسەرمینەوە بەمەبەستی بارانیان کردن. ئەمە شێوازی هەڵسوکەوتی ئیمپریالیزمی بریتانیا بوو. ئەمە شێوەی ئاسایی ئیمپریالیزمە. ئێوان وەک پارێزەری گەلێک دەردەکەون کاتێک لە بەرژەوەندییانەدا بێت، هەر کە بەرژەوەندییەکانیان بەدەست هێنا، وازیان لە دەهێنن.

ئەو وەسفکردنەکەت بۆ هێزەکانی شۆڕشی ڕۆژئاوا زۆر هاندەرانەیە، بۆ تایبەتی کە بوونەوەی بەرفراوانی ژنان و دروستکردنی ئەنجومەنەکان، کە زۆر دەچنەوە سەر سەقیبەتاتەکان، بۆ ئاستی دەتوانیت دەخێکی شۆشگێڕانە ببینیت. ئەمە چۆن هەویدا؟

ئەو باسە دەبێت لە سیاقی خۆیدا شیکردنەوەی بۆبکرێت. هەونکردنەوەیەکی مادی، ئاستەقینە و کۆنکریتی هەیە بۆ ئەوەی هەویدا. قەیرانی دارایی ٢٠٠٨ کە هەموو ئابووریی جیهانی گرتەوە، کاریگەرییەکی گەورەی هەبوو لەسەر سەرانسەری جیهان و زۆر وڵاتیش ڕاستەوخۆ کەوتە ژێر ئەو کاریگەرییانەوە. جیهانی عەرەبی لە ٢٠١١ خرۆشا. لە تونس دەستی پێ کرد و بەاو بوونەوە بە میسر و هەوخانی موبارەکی بەدواداهات. جووڵانەوەکان سەراسەری بوونەوە وهەموو دونیای عەرەبی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گرتەوە: کوردەکان عەرەب نین – ئێوان گەلێکی هیندوئەوروپین.
خۆپیشاندانەکان سوریاشیان گرتەوە. لە ٢٠١١ خۆپیشاندانە بەرفراوانەکان دەستیپێکرد و ڕژێمی ئەسەد هووبەووی ئاگری هەوخاندن بووەوە لایەن ئەم جووڵانەوەیەوە. لەو چوارچێوەیدا کوردەکانی سوریا توانیان بە شێوەیەکی کاریگەر خۆبەڕێوەبەری بەدەست بهێنن لەو ناوچەیەی کە دواتر بە ناوی ڕۆژئاوا ناسرا.
ڕژێمی ئەسەد، بەهۆی سەرهەدانەکانەوە نەیتوانی کوردەکان ئابگرێت لەو ناوچەیە، بە شێوەیەکی دەستکاریکراو و وەک شتێکی کەمتر خراپ بە خۆی قبووڵی کرد. بۆیە لە سوریا، دەرفەتێک بە کوردەکان هاتە پێش بە دەستگرتن بەسەر دەسەڵاتدا لە ناوچەکانی خۆیان. درێژکراوەیەکی PKKی تورکیا لە سوریا دروست بوو. ئێوان دەسەڵاتیان گرت، هێزی چەکداری خۆیان دروست کرد و کۆنترۆڵی ئەو ناوچانەیان کرد کە بە ناوی ڕۆژئاوا- باشوری کوردستانی سوریا.

ئەم بەشک بوو لە شەشکە کە بە سەرانسەری رۆژهەلاتی ناوەراست بەاو بووەو. بە ئۆگری زەر پشکەوتووترین دەربەینی ئەو شەشە بوو، چونکە لەو خەلک بە ئاستی دەسەلاتیان لە دەستدا بوو. خەبەروبەریان هەبوو. کەنترۆلی ژیانی خەیان لە بەشی کوردیی سوریادا هەبوو.

ئە پرسیارکی سەرکی کە لە وتارکەدا دەردکەوت پەیوەندی نەوان کاروباری سەربازی و هەلی سیاسیی شەشکەیە. وادیارە زەر بەیار لەسەر بنەمای «پراگماتیزم» دراون، وەک هاوپەیمانەتی لەگەل ئەمریکا. ئایا شەشکە ئەم هاوسەنگییەی بە دروستی بەدەست هەنا؟ ئایا کوردکان هەلە بوون لە وەرگرتنی پشتیوانییەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی؟

ئەم پرسیارکی هەستیارە، لە هیچ شەشکدا ناتوانیت بەیت «چەک وەرمەگرن»، چوونکە شەش پەویستی بە چەک هەیە. پرسیارکە ئەوەیە بە چ نرخەک و بە چ مەبەستەک. ئایا بە ئاستی دەتوانین خەیاە بکەین ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە تەواوی سەربازییانە پشتگیری ناوچەیەک بکات کە تێیدا سەرمایەداری لەناو دەبرێت و دەسەلاتی ئاستەقینەی کرێکاران دروست دەکرێت؟ زەحمەتە خەیاڵی ئەمریکا بکەین کە ئەم کارە بکات.
ئەوەی ئەمریکا کردی ئەوە بوو کە لەو تێگەیشت کوردکان باشترین شەشکەر بوون، بەچی؟ چونکە بە بەرگری لە نیشتمانکەیان شەیان دەکرد، بە ئاستی بە خاکی خەیان شەیان دەکرد. کاتەک دیاردەی داعش هاتە پەش، ئەم گرووپە ئیسلامییە توندڕەوە ئەمریکا وەک هەشەیەک لەسەر بەرژەوەندییەکانی خەی لە ناوچەکە دەیبینی. بەهەمان شێوە ژەمی ئەسەدیشی هەروا دەبینی.
ئەمریکەکان کوردیان وەک هیزەکی زەمینی کاریگەر دەبینی کە خەیان ئەویان پەنادەکرا. چەکیان پەدان بەئام بە شەویەکی سنووردار، هەروەها لە هەندەک شوێن یارمەتییاندان لە رێگای هەرشە ئاسمانییەکانەوە.
بەئام پرسیارکە ئەمەیە: کاتەک هەزی سەربازی دەبەتە پەشینەی کارکانت و کارە کەمەایەتییەکان پشتگوە دەخرێن وەک: دەستگرتن بەسەر زەوی دەربەگکاندا و دابەشکردنی بەسەر جوتیاراندا، دەستگرتن بەسەر ئامرە پیشەسازییە سنووردارکانی ئەم ناوچە ناپەشکەوتووە و کەنترۆلکردنی لایەن کرێکارانەوە، هەروەها دەستپەکردنی پرۆسەی دروستکردنی ئابووریی پلاندار، بە ئەنجامدانی ئەم هەنگاوانە ئەوا شتەکی بنەەتی لە دەست دەدەیت.

ئەگەر تۆ پشکنەری سەربازییانت بەم ناوەکە کۆمەڵایەتییەوە تەکنە بکردایە، ئەوا هەزی سەربازیی پشکنەووی کوردی بۆ عەرەبکانی سوریا و جوتیارکانی دەوت: ئەمە تەنها بۆ کوردستان شتە ناکەین، بۆکوو بۆ مافی ئەوەش لە کۆنترۆکردنی زەوی و ئابووریەکانتان شتە دەکەین.
ئەگەر ئەوان ئەمیان بکردایە بۆ شۆشکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینە و ناوەکە کۆمەڵایەتییەکیان بۆ بکردایتەوە لە دەرەوەی سنووری کانی ژئاڤا، بەدنیاییەوە کاریگەرییەکی گەورەیان دەبوو لەسەر سەرانسەری سوریا، تەنانەت لە دەرەوەی سوریاش. هاوسۆزییەکی بەرفراوان بۆ کوردکانی ژئاڤا لە نێو کوردکانی عێراق، کوردکانی تورکیا و تەنانەت لە ئێران هەبوو.
بۆچی هاوسۆزی هەبوو, چونکە ئەوان لە کوردکانی ڕۆژئاڤا شۆشکی ڕاستەقینەی خۆکیان دەبینی. لە کاتێکدا لە عێراق، ناوچەی کوردی بۆ شۆوێکی کاریگەر لەلایەن خەزانە بەڕژوازییەکانەوە بەڕێوە دەبرێت کە هیچ بەرژەوەندییەکیان نەبوو لە پشتگیری شۆشی کوردی لە سوریا.

بەشیوەیەکی گشتی لە لایەن خەڵک و گەنجانەوە هاوسۆزییەکی زۆر بۆ ڕۆژئاڤا هەبوو. ئەگەر ئەوان شۆشکی کۆمەڵایەتیی ڕاستەقینەیان لە دروست بکردایە و بانگەوازکیان لە دەرەوەی سنووریکانی ڕۆژئاڤا کردبایە – زەوی و سەرچاوە ئابووریەکانتان بگرنە دەست، ئەوە مانای وابوو کە دەکەوتنە ململانێیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ سیاسەتمەدارە بەڕژوازییەکانی کە بەشی کوردیی عێراق بەڕێوە دەبەن هەروەها ململانێی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەردۆغان لەسەر پرسی کۆمەڵایەتی و ئابووری.
ئەوان پاشکشەیان کرد لەبەنەماڵە بنەڕەتەکانی شۆڕش بەهەکاری ترس لە بەڕێوەبەرانی ناوچەکانی تر، چونکە بۆ ئەوان پرسی سەربازی لە پێشینەی کارەکانیان بوو. بۆ نموونە، تەنها هاوپەیمانێتییان لەگەڵ ئەمریکا نەکرد، بەڵکوو هاوپەیمانێتییان لەگەڵ سەرکردە عەشیرەتییە عەرەبەکانی سوریاش کرد. هەندێک لەم کەسانە زۆر کۆنەپەرست و خاوەنی داب و نەریتێکی زۆر کۆنەپەرستانەیان هەیە بەرانبەر بەژنان.
چۆن دەکریت پرسێکی پشکنەووتووخوازانەی وەک ژنان لە شۆڕشی ڕۆژئاڤا تەکنە بکرێت، ژنان ڕێگەی زۆر گەورەتریان لە شۆشکەدا هەبوو، تەنانەت ژنان خاوەنی هێزی چەکداری سەربەخۆبوون، مافەکانی ژنان دامەزراوەیبوون – ئەم دیاردەیە لەگەڵ هاوپەیمانێتی لەگەڵ سەرکردە خێڵەکیەکان بتەواوی پێچەوانە! زۆر کۆنەپەرست و پیاوسالارانە و

هیچ جگاو شونک بوا نابینن بی ژنان لگ کمگد!
هرکاتک تی هاوپیمانتییکی سربازی لگ ئم جرگ کسانی دابمزرنیت، ناوکی کمایتییکی خت لی دست ددیت و شکشک لاواز دبت. ئوی بینیمان ئو بوو کاتک ئیمپریالیزمی ئمریکا برژوندیی نما لی پشتگیری کوردکانی سوریا و ترمپ برژوندی هبوو لی پشتگیری ژمی ئیسلامیی نو [بی سرکردایتیی ئحمد شرع] کی لایلن تورکیاو پشتگیری دکرا و لی دیمشق دستاتی گرتبوودست، ئمریکاییکان رووی خیان ورگا.
ئوان چیتر پویستیان بی کوردکان نما و پشتیان بی ژمی دیمشق دبست. ئوی ووید ئو بوو کی بی وردی ئو سرکرد عشیرتییانی کی هاوپیمانتی سربازییان لگ کردبوون ولائیان گی، چوونکی برژوندیی ئابووریان لئستادا کوتت دستی ژمی نوی دیمشق چوونکی پارزراوتر لوی لگ ئم کورد ادیکانبن. هر بیی لو کاتی ژمی دیمشق پشوی دکرد بی رژئاقا و ناوچکانی کی سربازییانی کنترییان دکرد، کوردکانی رژئاقا هشتا لی سدی خاککیان لی دستدا.
ئوی رووید پاشکشو شکست بوو. لی ئستاشدا لی رووی سربازی و ئابووریو تکی بی دوتی نوی سوریا دکرن. لگ ئوشدا رژگارک وک جرک لی نموونی شش و چن دتوانیت ششک ئنجام بدیت، سیری دکرا.

ی جگای سرنج بوو کاتک شیکردنو بی شکستکی دکیت سرنجت دخیتی سر پرسی هی تیری، نک هی سربازیی و میدانی. بچی؟

لی نووسینی وتارکدا، دقکانی ئجالانم خوندو. نمویست تنها یک یان دوو وتار بخونمو؛ تواوی کتبکم خوندو – ککراوی چوار وتاری ئجالان. ئوی سرنجی اکشام ئو بوو کی لی کرداردا پراکتیزکردنی ئنارکیزمی برامبر دوت.
ئجالان بی نزیکی سی دیی لی تورکیا زیندانی کراو. رووی لی خوندنوی برهمکانی بیرمندکی ئمریکی نک ئنارکیستی کراو، بکوو نیمچی ئنارکیست (ماری بووکچین) کرد. کی بیرکی (کنفیدرالیزمی دیموکراتی) و ئنجومنی ناوخییکانی پرپدا. لی بنتدا ناوکک ئنارکیستییی لی تکردنوی ئوی کی لی ششی کرکاراندا پویستی دوتی کرکاران دروست بکیت، چونکی بی شویکی گشتی دوت بی خراپ یان نگونجاو دبینن.
لاوازیی ئو باوی ئمیی: ئگر دوتی کرکاری دروست نکیت،

ئەگەر ئەو ڕەتبکەیتەوە کە دەوڵەتکی جگرەوە بنیاتبنێیت، ئەوا دەکەوێتە دژکەوە کە ناتوانیت دەوڵەتی بەرژوازی بووخێنیت. دەوڵەتی کرێکاری چیە؟ ئەو هەزە چەکدارەکەت. ئەو گرووپە چەکدارەکانی کرێکارانن بە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانیان، کاتێک کۆمەڵگەیان گۆڕیوە. کتێبی دەوڵەت و شۆشی لینین بخوێنەوە لەو بارەوە تێگەیشتنی تەواوت دەبێت.

ئەوەی لە ڕۆژئاڤا ڕوویدا ئەوەیە کە دەوڵەتی بەرژوازی گۆڕایەوە و خەی دووبارە دامەزراندەوە. ئەگەر دەقەکانی ئۆجالان بخوێنیتەوە، ڕەخنە لە مارکسیزم دەگرێت لە پرسی دەوڵەت. تەنانەت دەڵێت خەباتەوبەری ناتوانرێت لە ڕێگەی شۆشەوە بەدەست بهێنرێت. قسە لەسەر دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت دەکات و ئاماژە بە هەموو ئەو دەوڵەتانە دەکات کە کورد تێیدا دەژین – تورکیا، سوریا، ئێران و عێراق – و قسە لەسەر بەدیموکراتیزەکردنیان دەکات و زیاتر بە دیموکراتی بکرێنەوە.
ئەو قسە لەسەر دەوڵەتی بەرژوازی دەکات. باش، بینیمان چۆن دەوڵەتی بەرژوازیی تورکیا هێرسوکەوتی کرد. دەوڵەتی بەرژوازیی تورکیا هیچ بەرژەوەندییەکی نەبوو لە بەدیموکراتیزەکردن لەلایەن ئۆجالان و PKK، وە بە ڕاستی شۆڕشی لە دژی PKK کرد. لە ڕێی سەربازییەوە دەستیان وەردایە ناوخۆی سوریا. مەبەستیان لەناوبردنی ڕۆژئاڤا بوو. لە ڕێگەی ژەمەکی [شەرعە]وە کە پشتیان پێ دەبەست بە ئۆجنداکانیان ئەوەیان بەدەست هێنا.
بۆیە ئەمانە دەوڵەتە بەرژوازییەکانن. لاوازیی تیۆریی ئەنارکیزم، کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ لە ڕێگەی بیرکەکانی ئۆجالانەوە دەربڕاوە، بە ڕاستی بوون بەهۆکاری شکستی شۆشی ئێستا، زۆر کەس دەڵێن: تە قسە لەسەر تیۆری دەکەیت، ئێمە پێویستمان بە سیاسەتی کردارییە. جا، لێرە دەبینین کە ئەگەر هێزێکی بنەڕەتی لە تیۆری بکەیت، هێزی گۆڕە لە کرداردا ڕوودەدات، ڕێک وەک ئەوەی کە لێرە ڕوویدا.
سەرباری ئەوەی کە چەکداریان هەبوو، بە شێوەی دیفاکتۆ دەوڵەتی خۆیان هەبوو، بیرکەکی بنیاتنانی دەوڵەتکی بەدیل و ڕووخاندنی دەوڵەتە هەبووکانیان ڕەتکردەوە. بیرکەکەیان ئەوە بوو لە ڕێی بەدیموکراتیزەکردنەوە دەچنە پێشەوە. کاتێک دەقەکانی ئۆجالانم دەخوێندەوە، بیرم کردەوە: ئەمە سەرکردەی سوپایەکی گەریلایە یان ڕێکخراوێک کە لە شەڕدایە و ٤٠ هەزار قوربانیداوە؟ کاتێک قسە لەسەر دەوڵەت دەکات زۆرتر وەک ڕیفەرمخوازێک قسە دەکات!
لێرە لاوازیی شۆشی ڕۆژئاڤا دەردەکەوێت: لاوازیی تیۆری و ئەمش

بوون هەی شکست. وەک مارکسیستەکان، پێویستە لەم وانەیە هەموومان فێر بین و هەوونی بکەینەوە کە ئەگەر هەڵەیەکی بنەڕەتی لە تیۆری بکەیت – وەک لە پرسی دەوڵەت – ناتوانیت شکڵش ئەنجام بدەیت و تەواوی بکەیت.

ئایا شکڵشکە دەیتوانی سەرکەوتوو بێت؟

بەڵێ، پێم وایە دەیتوانی. دەزانیت، ئەو مەرجانەی لەلایەن جووتانەوەی ٢٠١١ەوە دروست بوون، لەسەر بنەمای قەیرانی دارایی ٢٠٠٨، نیشانیان دا کە توانای شکڵشگێڕانە لە سەرانسەری باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو. جووتانەوە لە تونس هەبوو، جووتانەوە لە میسر هەبوو، سودانیش پێی گرتبوو و شکڵشک سەرو سیمای بە خۆیدا.
جووتانەوەکان لە سوریا، لوبنان و وڵاتە عەرەبییەکانی تر هەبوون. وڵات دوای وڵات پێویست دەبوون. لە ٢٠١٣ جووتانەوەیەکی گەورە لە تورکیا هەبوو. جووتانەوە گەورەکان لە ئێران هەبوون. توانای شکڵشک کە بە سەرانسەری ئەم وڵاتانە بڵاو ببووەوە هەبوو.
کوردانی ڕۆژئاڤا دەیانتوانی چ ڕەنگ بگێڕن؟ ئەگەر شکڵشکەیان تەواو بکردبایە، ئەوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی مانای وادەبوو: دەستکەتاکردنی خاوەن زەویەکان و سەرمایەداران. خەت وەک دەوڵەتی کرێکاران ڕابگەیەنبایە. بانگەوازی جەماوەری سەرانسەری سوریات بکردبایەو ڕاتبگەینبایە: ئەمە تەنها بە خەبەرەوبەریی کوردی شکڵ ناکەین، بەڵکوو بە ئازادی کرێکاران و جوتیارانیش شکڵ دەکەین.
بانگەوازی کرێکاران و جوتیارانی سوریات بکردبایە ئەوان وەڵامیان دەدایتەوە. ئەوان لەشکڵدابوون لەگەڵ خاوەن زەوی و سەرمایەداران. ئەمە بە ڕاستی پرسی سەربازیشی چارەسەر دەکرد و دەسەڵاتی ئەسەدی دەڕووخاند پێش ئەوەی ئەم ئیسلامییانە بێن.
ئەم ئەزموونە دەیتوانی ببێتە نمونەیەک بۆ کوردەکانی عێراق، کە دەبووە سەرەتای شکڵشی عێراقی. دەیتوانی پەلبهاوێت بۆ کوردەکانی تورکیا، کە سەرەتای شکڵشی تورکی دەبوو. نموونەیەک دەبوو بۆ شۆنکەوتنی لە سەرانسەری ناوچەکە.
هاوسێزیەکی زەر گەورەیان لە دەرەوەی ناوچەکە هەبوو، لەسەرانسەری ئەورووپا و زیاتر. شکڵشی ڕۆژئاڤا زەر بەناوبانگ بوو. لەلایەن زەرەک لە گەنجانەوە شۆنی دەکەوتن. هەندەکیان چوونە ئەوە و شکڵیان کرد بە یارمەتیدان لە بەرگریکردن لێیان. دەیتوانی ببێتە بزوتنەری شکڵشک لانیکەم لە ئاستی ناوچەیی. تراژیدیەکە ئەوەیە کە ئەمە ڕووی نەدا.

بەرنامەکاری ئاوێی ڕووی نەدا ئاوە بوو کە سەرکردایەتی بە ئاگایی باوەڕی وابوو کە ئەمە مەحاڵە. باوەڕیان وابوو کە خەبات بۆ سۆسیالیزم و شۆڕشی سۆسیالیستی مەحاڵە. ڕەگیان بە ئەنجومەنە دیموکراتییەکانی ئاستی خەڵکی بوو، خەبات بۆ دیموکراتیزەکردنی ئەم دەوڵەتانە – جارێک لە لەناوچوونی هەنگاو بە هەنگاوی دەوڵەتی بەرژوازی. ئەمە لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینەدا ناگونجێت.

١٧ی تەممووزی ٢٠٢٦

سەرچاوە:
https://marxist.com/why-was-the-rojava-revolution-defeated-exclusive-interview-with-fred-weston.htm

---

بزووتنەوەی ئەدەب و هونەری تاکتایگەراکانی هەندا شۆشک لە ئەدەب و هونەر.. ئامادەکردن و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدوڵا سەمان(مەشخەڵ)

بزووتنەوەی تاکتایگەراکان چیبوو؟

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، کەمێک ڕادیکاڵ لە نووسەرانی گەنج کە بە (تاکتایگەراکان یان بە هەشتاکان یان بە بزووتنەوەی هەشتاکان) ناسرابوون، دەخی کلتووری شاری (ئەمستەردام)یان گەیی. ئەوان شەوازی ئەدەبی کۆنەپەرستانەی ماتریالیزمی سەدەی نۆزدەهەمی هەندیان تەکردەوە و ئیلهامیان لە بەرهەمی نووسەرانی سروشتی فەرەنسیی و نیگارکێشە ئیمپرێشنیستەکان یان ئینتباعییەکان، وەردەگرت. لە چارەکی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا زۆرێک لە نیگارکێشانی ئەمستەردام پەیوەندییان بە تاکتایگەراییەوە

هەبووە یان کاریگەری تاکتایگەراکانیان بەسەرەوە بووە. تاکتایگەراکان؛ (١)کەمێک ئادیکاڵ و کاریگەر لە نووسەرانی هەندی بوون کە هێزێکی نوێیان لە هونەر و ئەدەبیاتی هەندی سەدەی نۆزدەهەمدا پەرەپێدا. نووسەران و هونەرمەندانی ئەم بزووتنەوەیە پێکەوە کاریان کردووە و زۆرکیان تا ئەمڕۆش بە شێوەیکی فراوان دەخوێندرێنەوە. بزووتنەوەی تاکتایگەراکان لەسەر بنەمای یاخیبوون لە دژی شێوازی فەرمانیستی لە ئەدەبیاتی سەردەمی خۆیاندا بە تایبەتیش دژ بە گۆڤاری ئەدەبی دی گایدس (هێبەر) لە ئەمستردام دامەزرا. تاکتایگەراکان پێداگریان لەسەر ئەوە دەکرد کە شێواز دەبێت لەگەڵ ناوەرۆکدا بگونجێت و هەستە شوناسی و ناوەکییەکان تەنیا بە بەکارهێنانی شێوازێکی نووسینی شوناسی و ناوەکیی دەتوانرێت دەربببڕێن. بە هێنمایی لەم هەوڵدا، ئەوان ئیلهامیان لە ولیەم شکسپیر و نیگارکێشە ئیمپریشنیستەکان و نووسەرە سروشتخوازەکانەوە وەردەگرت.

دوای ئەوەی گۆڤاری هێبەر بڵاوەوام بوو لە هێتکردنەوەی زۆربەی بەرهەمە ئەدەبیی و هونەرییەکانی ئەم گروپە، تاکتایگەراکان گۆڤارێکی ئەدەبی کێبڕکێیان مونافسیان دامەزراند، کە ناویان نا دی نیو گایدس (هێبەری نوێ)، (٢) کە بە یەکەمجار لە ئۆکتۆبەری ١٨٨٥دا بڵاوکرایەوە. دوو لە دامەزرێنەر و بەشداربووانی بڵاوەوامی ئەم گۆڤارە شاعیر و هێنەخنەگر ویلم کلەس(١٨٥٩ – ١٩٣٨) و هێمانووس، شانەنامەنووس و شاعیر فرەدریک ولیەم ڤان ئیدن(١٨٦٠ – ١٩٣٢) بوون، کە هەردووکیان تا ئەمڕۆش بە شێوەیکی بەرفراوان وەک دوو گۆرە ئەدیبی هەندیی سەیر دەکرێن. ئێندامانی دامەزرێنەری تری گۆڤارەکە بریتیبوون لە فرانک ڤان دەر گەس(١٨٥٩ – ١٩٣٩) و ویلم ئەی پا (١٨٥٦ – ١٩٢٣) و ئەلبێرت ڤێروەی(١٨٦٥ – ١٩٣٧). تاکتایگەرا دیارەکانی دیکە کە بەرهەمەکانیان لە گۆڤاری (هێبەری نوێ)دا بڵاوبووەتەوە بریتین لە هێخنەگری ئەدەبیی لەدیڤیک ڤان دیسەل (١٨٦٤ – ١٩٥٢) و شاعیر هەرمان گەردەر(١٨٦٤ – ١٩٢٧) نووسەری داستانێ شیعری (ئایار) کە پاشان بوو بە ئێندامی دەستەی دامەزرێنەری پارتی سۆسیال دیموکرات و بیرمەندی دیاری بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەندا.

بزووتنەوەی تاکتایگەراکان پچڕانکی هێشییان لەگەڵ ئەدەبیاتی کۆنی هەندیدا کرد. ئەوان هەم لە کارە هونەرییەکان و دەقە ئەدەبییەکانیان و هەمیش لە گۆڤارەکەیاندا، بە هێبەرایەتی ویلم کلەس(١٨٥٩ – ١٩٣٨) ، بەدوای زمان و وێنەیەکی نوێدا دەگەڕان کە نزیکایەتییان لەگەڵ ئیمپەشینیزمدا نیشان بدات. (٣) ئەدەب چیتر پێویستی بەوە نەبوو ئامانجێکی ئەخلاقی هەبێت، بەکو لەسەر خودی

هونەر و جوانی ئایدیالی نوێ بوو. ئەمەش وای لێکردن بەشێک بن لە بزووتنەوەی گەورەتری هونەری بەتایبەتی بزووتنەوەی ڕەمانسیزمی ئەوروپا.

نووسەرانی بزووتنەوەی تاکتایگەراکان کێبوون؟
نووسەرانی تاکتایگەراکان توانیان چالاکانە ڕەخنەی بەرچاو ببینین لە گەڵینی تەواوانینی کێن بە ئەدەب و هونەر. ئەوان پابەند بوون بە تەواوانینێک بە ئەدەب کە جیاواز بوو لە بەچوونی نوێی پێشوو. ئەدەب نابێت ئەخلاقی بێت، دەربڕینێکی تاکەکەسی هونەرمەندێکە کە دەیەوێت سەرنجی تاکەکانی دیکە ڕابکێشێت. تاکتایگەراکان بە ئاسانی دەستیان بە گەڤارێ تەقلیدییەکانەوە نەدەگەیشت و هەر بەیەش گەڤاری (ڕەبەری نوێ) دامەزراند کە هەر زوو بوو بە جێگەی سەرنج و مشتومڕ. تاکتایگەراکان کاریگەرییەکی زەریان هەبووە، چونکە جۆرێکی نوێی بەکارهێنانی زمانیان ناساند، کە پێی دەوترێت هونەری وشە. جگە لەوەش زۆر ئینتباعی بوون و تەکنیکگەرانی پەیوەست بە ئیمپریشینیزمیان لە نیگارکێشیدا بەکاردەهێنا. وا لێخوارێوە هەوە دەدەین چەند لەو نووسەر و هونەرمەندانەی تاکتایگەراکان بەکورتی و لەچەند دێرێکدا بناسێنین.

هەرمان گەردەر



هەرمان گەردەر(١٨٦٤ – ١٩٢٧)، شاعیر و بیرمەندی کۆمەنیستی هەندیی و یەکێک بووە لە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی نووسەرانی (تاکتایگەراکان) لە هەشتایەکانی سەدەی نۆزدەم، کە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر گروپێک لە نووسەران، بەتایبەت ئەوانەی لە ئەمستردام خەریکی کاری نووسین بوون و لەدەوری بەناوکراوەی (ڕەبەری نوێ) کۆبووبوونەوە. یەکەمین کتێبی داستانی شیعری بەناوی (ئایار) بوو ، کەداستانێکی شیعریی چوار هەزار دێرییە و لە ساڵی ١٨٨٩ بڵاوکردەتەوە. هەرمان سەرەتا بە سپینۆزا (٤)کاریگەر بووە و پاشان

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم مەیلی بەرەو سۆشیالیزم وەرچەرخاوە و جگە لە شیعری سۆشیالیستیی، بوو بە نووسەرێکی سەرکی بواری تیۆری سۆشیالیستیش. ساڵی ١٩١٢ درێژترین داستانی شیعریی دەنووسێت. بەرهەمەکانی وەرگێراونەتە سەر زمانی ئینگلیزی.

لویس کوپێروس



لویس ماری ئانا کوپێروس (١٨٦٣ – ١٩٢٣) وەک ڕۆمانووسێکی دیکەی دیار، یەکەم ڕۆمانی خۆی لە ساڵی ١٨٨٩دا بڵاوکردەوە و بە قووڵی کاریگەری تاکتایگەرایی لەسەر بوو. زەرجار وەک تاکتایگەرایەک هەژمار دەکرێت، هەرچەندە لە دەرەوەی بازنەی کۆمەڵایەتی ئەمستردامی تاکتایگەرا ڕاستەقینەکانەوە بووە. لویس سێ کۆشیعر و ٢٢ ڕۆمان و ١٠ کورتەچیرۆک و کورتە ڕۆمان و ٢٧ کەچیرۆک و دەیەها کتێبی تری بلاوکردەتەوە کە تا ئەمڕۆش خوێندنەوەیان بەهێزن.

ستێفنی هێن سوارت



ستێفنی هێن سوارت(١٨٥٩ – ١٩٤١) ئەو ژنە شاعیرەی کە بە ستایشەوە باسی لەوکراوە و زەرجار بەرهەمەکانی لە گۆڤاری (ڕێبەری نوێ)دا بڵاو دەکرایەوە، وەک شاعیرێکی سەردەمەکەی بەشداری مشتومڕە

ئەدەبییەکانی نەدەکرد، مانیفەست و پێشکی نەدەنووسی و هەر بەیەک تاکیتاگرایەک نەدەناسرا. دیارە مێژوونووسانی ئەدەبییش زیاتر سەرنج دەخەنە سەر ئەو کەسانەی کە باس لە داهێنان دەکەن یان لە دەوری گۆڤارێکدا یەک دەگرن، نەک نووسەر و ئەدیبە بەدەنگەکانی دەرەوەی بازنەی هاتوهاوار و ململانێکان. بەڵام کارە سەرتاییەکانی سوارت دەتوانرێت وەک بەرهەمێکی ئاسایی تاکتایگراکان بخوێنرێنەوە و ببینرێن. سوارت ژمارەیەک کتێبی لەنێوان ١٨٧٩ تا ١٩٣٨ بڵاوکردەتەوە.

ئەنتووون مولکنبەر



ئەنتۆن مۆلکنبەر(١٨٧٢ – ١٩٦٠)؛ لە ساڵی ١٨٧٢ لەدایک بووە. بەهرەی مۆکنبەر تەنها لە وێنەکێشان و نیگارکێشاندا سنووردار نەبووبووە، بەڵکو پەلی هاویشتبوو بۆ کاری مۆزایک و گرافیک و دیزاینی شانۆ. ئەندامی کۆمەڵەی واگنەری ئەمستردام بووە و دیزاینی جلوبەرگ و سێتی شانۆی بۆ هەموو نمایشکانی کۆمەڵەی واگنەر لە نێوان ساڵانی ١٩٠٠ بۆ ١٩٠٤ کردووە. لە هەمان ئەم بڵاوکردنەوەی بوو کە بانگەشتی سەردانیکردنی ئەمریکا کرا. مۆلکنبەر لە ساڵی ١٩٠٥ تا ١٩١٠ خوێندنی لە خولی خوێندکارانی هونەر لە نیویۆرک بووە. لە هەمان کاتدا نیگارکێشی جۆزێف ئیسرائیلس (١٨٢٤-١٩١١)، ئاسپەردرا کە بۆ بۆیاخ ئەو وێرانکارییە گەورەیە تەمار بکات کە بەهۆی بوومەلەرزەکەی ساڵی ١٩٠٦ لە سانفرانسیسکۆ ڕوویدا و نیوەی دانیشتوانی شارەکەی بێ ماڵ و حاڵ کردبوو. لە گەڵ ئەوەی بە هەندا لە ساڵی ١٩١٠، مۆلکنبەر و هاوسەرەکەی لە لاهای نیشتەجێ دەبن و بۆیار وادەبێت لە دۆیکانی دواتردا لەوێ بژێن و کار بکەن. ئەنتۆن مۆلکنبەر خۆی وەک نیگارکێشکی گەنجی پێ لێ وزە و جێددی وێنا دەکات. شێوازی مۆدێرن و خۆوێناکردنی لەگەڵ نەریتی ڕۆمانسیدا دژکێت و خۆی بە هونەرمەندێکی واقیعیی دەبینێت نەک ئیمپریشینیست.

ولیەم کووس



ولیەم کەوس(١٨٥٩ – ١٩٣٨) شاعیر و ڕۆخنەگری ئەدەبی هیندیی سەدەی نۆزدەهەم بووە. یەکێک بوو لە ئاڵەرە بەرجەستە و کۆسپایەتییەکانی بزووتنەوەی تاکتایگەراکان و ماوەیەکیش سەرنووسەری گۆڤاری (لیبەری نوێ) بووە و پێنج جاریش پاڵەوراوی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەب بووە. کلاس ڕۆخنەی لە شێوازی ئەدەبی باو گرت و ئەو شێوازەی بە کتێبگەرایی و زیادەڕەوی دەزانی و لەبری ئەوە هەوڵی دەدا دەقێک بنووسێت کە شێوازێکی لەگەڵ ناوەڕۆکەکەدا بگونجێت. هەروەها کلاس ئەو هونەرەی ڕەتکردەوە کە هەوڵی دەربڕینی ئەزموون یان هەست و سۆزی هاوبەشی دەدا. بەڵکو داوای کرد کە هونەر دەبێت تاکگەرایینترین دەربڕینی تاکگەرایینترین هەست بێت. کەوس دوای ئەوەی بەرهەمکانی بوون بە بەشێک لە کانونی ئەدەبیاتی هیندیی، لە تەمەنی ٧٩ ساڵیدا لە لاهای ژیانئاوایی دەکات.
جگە لەمانەش چەندین نووسەری تر هەبوون کە لە چوارچێوەی مانیفێستی ئەو گروپەدا کاریان کردووە وەک گرنگ و بەرچاویان گەڵاوێ وەکو: هونەرمەندی نیگارکێش جان تووڕپ(١٨٥٨ – ١٩٢٨)، دکتۆر و نووسەر فریدریک ولیەم ڤان ئیدن (١٨٦٠ – ١٩٣٢)، ڕۆمانناووس و شاعیر و ڕۆخنەگر لەدڤیک ڤان دیسێ (١٨٦٤ – ١٩٥٢)، شاعیر و وەرگێڕ ئەلبێرت ڤێروی(١٨٦٥ – ١٩٣٧)، نووسەر و بیرمەندی مارکسیست فرانک ڤان دیر گەس (١٨٥٩ – ١٩٣٩)، ڕۆمانناووس ولیەم ئەی پاپا (١٨٥٦ – ١٩٢٣)، مارسیلەس ئیمانتس(١٨٤٨ – ١٩٢٣) کە هەموو ئەمانە بە یەکەوە دەی بزووتنەوەی تاکتایگەرایی هیندا بوون کە ڕۆیان گەڵا لە گۆشەدان بە ئەدەب و هونەرێک کە پێنجەرەیەکی نوێی بەڕووی زمان و نووسیندا کردەوە.

بنەماکانی بزووتنەوەی تاکتایگەراکان

بنەماکانی بزووتنەوەی تاکتایگەراکان دەتوانرێت بەم شێوەیە کورت بکرێنەوە:
جوانیناسی : هونەرمەندان و بیرمەندانی ئیستاتیکا پێیان وابوو کە هونەر دەبێت خزمەت بە پێشخستنی جوانی بکات لە هەموو ڕوویەکەوە،

خزمەت بە ئامانجێکی بەسوود یان پەروەردەیی بکات یان بەرەو جیهانێکی باشتر ببات. هونەر خزمەت بە هیچ ئامانجێکی تر ناکات جگە لە هونەر بوون. ئەمش پێوەندییەکی زۆر بەهێزی لەگەڵ ئیمپریشینیزمدا هەیە.
تاکگەرایی : هونەر بریتییە لە (تاکترین دەربڕینی تاکترین هەست).
یەکێتی فۆرم و ناوەڕۆک: ناوەڕۆکی بەرهەمێک دەبێت فۆرمێکی دیاریکراوی هەبێت کە یەکێتییەک لەگەڵ یەکتردا پێکبهێنێت.
واقیعیبوون : واقیعی چاودێرکراو وەک خاڵی دەستپێک: ئەمش دەبێتە هۆی ڕیالیزم و سروشتگەرایی.
ڕەسەنایەتی : بەرهەمەکان دەبێت ڕەسەن بن و خۆیان لە کێشەسازی بدوور بگرن.
جیاوازی : تاکتایبەتەکان بەوایان وابوو کە بۆ ئەوەی جیاواز بن و داهێنەر بن؛ دەبێت :
یەک : لە بەرانبەر ئەدەبی بەرژوازی باوی ئەو سەردەمەی هەندا بوەستنەوە ئەویش لەگەڵ بەرهەمە هونەریی و ئەدەبییەکانیان کە لە گۆڤاری ڕەبەری نوێ بڵاو دەکرانەوە.
دوو : ناوەڕۆک و شێوازی بەرهەمەکانیان دەبێت هاوتای یەکتر بن.

شێش لە ئەدەبی هەندیدا



گۆڤاری ڕەبەری نوێ بە مانای وشەکە شێشەک بووە لە ئەدەبیاتی هەندیدا، ئەو ئەدەبیاتەی کە ئامانجی ئەخلاقی هەبوو وەلانرا و لەجێیدا ئەدەبێک هاتە ئاراوە کە جەغدی لەسەر خودی هونەر دەکردەوە. هەروەها ئەدەبیاتی نوێ دەبوو شێوازی نوێ بدۆزێتەوە. هەورەها نووسەران بە دوای داهێنان لە زماندا دەگەڕان. ناساندنی هونەری ئاخاوتن و زمانی درشت بەس نەبوو. دەبوو زمانێک دروست بکرێت کە بتوانێت مامەڵە لەگەڵ کاریگەری نواندنە بچووکەکان بکات.

ئەگەر ئەدەب تاکترین دەربڕینی تاکترین هەستی تاکەکەسی بێت، ئەوا ئەمەش پێویستی بە تاکترین بەکارهێنانی وشەکان هەیە. ئەمەش بوو بە ئەوەی کە دواتر ناونرا (هونەری وشە) یان (نیولەجیزم)(٥). تاکتایگەراکانی هەندا لە دەوروبەری ساڵی ١٨٨٥ کە بە کەمەک نووسەر و هونەرمەندی ناکەمەایەتی و ناداهێنەر ناسێندران. بەڵام بە گوتەی ڕەخنەگران، شێوەشکێنی ئەدەبیی و هونەرییان لەکەوتوە. تاکتایگەراکان بەتێپەڕبوونی کات وەکو خەیان یەکگرتوو نەماوە، بەڵکو بەهۆی ململانێی کەسیی و ئایدیۆلەجیی و کێشەی سەرنووسەری گۆڤارەکەیان، یەکێتییەکەیان درزی تێکەوت و ئەو یەکگرتووەی جارانیان نەما و ساڵی ١٨٩٤ گرژییەکان پەرەیان سەند و لەکترازان ڕوویدا. بەڵام کاریگەری نووسینەکانیان سنووری بازنە و شار و وڵاتی هەندا و تەنانەت کیشوەری ئەوروپاشی بڕی. ئەوان دروشم و بەهای نووسینەکانیان بوو بە پەوڕی داهێنان و لەڕشەوە گاریگەری کلتووریییان هەست پێکرا. بزووتنەوەی تاکتایگەراکان سەرباری پێداگرییان لەسەر فۆرمی نوێ و زمانی نوێ، بەڵام ناوەڕۆکی کەمەایەتی دژ و کارە هونەرییەکانیان سۆشیالیستییانە و ئینسانییانە بوو.

سەرەنجام

بزووتنەوەی تاکتایگەراکانی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەمستردام کۆتایی بە نەریتە ئەدەبییە باوەکانی هەندا هێنا. نووسەرانی تاکتایگەراکان لە نیگار و دزاین و ڕەمان و شیعرەکانیاندا لە جوانییەکی ئایدیالی نوێ بوو بەرژوازییان ڕیسوا کرد. ئەوان لەگەڵ دژەکانیانەوە سنوورەکانی بزووتنەوەی ئەدەب و هونەری باویان تێپەڕاند و شێوەشکێنی فۆرمەنگی گەورەیان لە ئەمستردام و هەندا لەگەڵ (هونەری وشە)وە بەرپا کرد کە تا ئەمەش کاریگەری ئەو شێوەشە بەسەر بزووتنەوەی ئەدەب و ڕەشنبیری هەندا دەبینرێت. بزووتنەوەی تاکتایگەراکان بە کەمەک بنەمای مەعریفییەوە ڕووبەووی فۆرمەنگی کۆن و ئابردوو بوونەوە و توانیان ببنە جێی سەرنجی نێک بزووتنەوەی ئەدەب و هونەری هەندا، بەڵکو ببنە جێی سەرنجی بزووتنەوەی ئەدەب و هونەری ئەوروپا و جیهان.

پێراوەزەکان:

(١)تاکتایگەراکان؛ یان بزووتنەوەی هەشتاکان، گروپێک لە نووسەرانی ڕادیکاڵی و کاریگەری هەندێ بوون کە ڕەبازێکی نوێیان لە ئەدەبیاتی هەندی سەدەی نۆزدەهەمدا پەرەپێدا. لە ساڵانی ١٨٨٠وە لە ئەمستردام کارلەکیان کردووە و پێکەوە کاریان کردووە. زۆرێکیان

تا ئەمڕۆش بە شێوەیەکی بەرفراوان دەخوێندرێنەوە. ئەم گروپە پێکهاتبوو لەکەمەڵەک نووسەر و هونەرمەند لەوانە شاعیر و ڕۆمانخنگر ولیەم کلووس و شاعیر و ڕۆمانووس و شانۆنامەنووس فریدریک ڤان ئیدن کە تا ئێستاش بە شێوەیەکی بەرفراوان وەک گۆڕە نووسەرانەکی ئەدەبیاتی هەندەنیی سەیر دەکرێن.
(٢)ئەبەری نوێ(١٨٨٥ – ١٩٤٣)؛ کۆنترین گۆڤاری ئەدەبی هەندایە کە ژمارە یەکی لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٨٨٥ بڵاوکراوەتەوە. ئەم گۆڤارە وەک بەناوبانگترین گۆڤاری دەورەیی ئەدەبیی لە هەندا دەتە ئەژمار و لایەن ژمارەیەک نووسەری گۆنج لە ئەمستردام دەردەچوو. ئەم گۆڤارە ڕۆڵی گرنگی گێڕا لەو ئاڵوگۆڕەی کە ئەدەبی هەندا لەسەدەی نۆزدەهەم بەخۆیەوە بینی.
(٣) ئیمپڕەشینیزم بزووتنەوەیەکی هونەری سەدەی نۆزدەهەم بوو کە بە لەدانی فۆچەی تاڵدیەک بچووک، تەنک، بەنام دیار، پێکهاتەی کراوە، جێختکردنەوە لەسەر وێناکردنی وردی ڕووناکی لە سیفەتە گێڕاوەکانیدا (زەرجار زەقکردنەوەی کاریگەرییەکانی تەپڵبوونی کات)، بابەتکی ئاسایی، نائاسایی تایبەتمەند بوو گۆڕە بینراوەکان، و وەرگرتنی جووڵە وەک تۆخمکی چارنووسساز لە تێگەیشتن و ئەزموونی مرۆڤ. ئیمپڕەشنیزم لە کەمەڵەک هونەرمەندی دانیشتووی پاریسەوە سەرچاوەی گرتووە کە پشانگە سەربەخۆکانیان لە ماوەی ساڵانی ١٨٧٠ و ١٨٨٠دا بوونەتە جێگەی ناوبانگ.
(٤)سپینۆزا؛ باروچ (دی) سپینۆزا ١٦٣٢ –١٦٧٧)، فەیلەسوفکی بە ڕەچەڵەک پورتوگالی-جوولەکە بووە. سپینۆزا پشانگکی سەردەمی ڕۆشنگەری بوو، کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر ڕۆخنەی ئینجیلی مەدەرن و عەقڵانییەتی سەدەی حەڤدە و کلتووری ڕۆشنبیری هەندیی هەبوو، خەی وەک یەکەک لە گرنگترین و ئادیکاڵترین فەیلەسوفکانی سەرەتای سەردەمی مەدەرن دەتە ئەژمار. سپینۆزا لە ژێر کاریگەری ستۆسیزم، تەماس هۆبس، ڕێنێ دیکارت، ئیبن توفایل، و مەسیحییەهتەرەدەکسکاندا بووە و فەیلەسوفکی پشانگی سەردەمی زێینی هەندا بووە.
(٥)نیولەجیزم؛ نوێگەرایی زمان، نوێگەرایی هەر وشەیەک، زاراوەیەک، یان دەستەواژەیەکی تازە دروستبوو کە پەسندی جەماوەریی یان دامەزراوەیی بەدەست هێنابێت و لە زماندا جێی خەی کردبێتەوە.

ئامادەکردن و وەرگێانی لە ئینگلیزییەوە : عەبدوڵا سەڵمان(مەشخەڵ)
تەممووزی ٢٠٢٤

سەرچاوەکان: بە نووسینی ئەم بابەتە سوودم لەم سەرچاوانەی لای خوارەوە وەرگرتووە.

-1
https://daxermarschall.com/en/portfolio-view/antoon-molkenboer-sold/
2- https://en.wikipedia.org/wiki/Tachtigers
3-https://en.wikipedia.org/wiki/H%C3%A9l%C3%A8ne_Swarth
4-
http://caans-acaen.ca/Journal/issues_online/Issue_IX_ii-X_i_1988_89%20/Dierick.pdf
5-
)https://www.simonis-buunk.com/art-movement/amsterdam-impressionsmus/artists-artworks-for-sale/1097/
6-
https://www.literatuurgeschiedenis.org/19e-eeuw/de-beweging-van-tachtig
7-
https://kunst-en-cultuur.infonu.nl/geschiedenis/128581-de-tachtigers-revolutie-in-de-literatuur.html
8-https://grokipedia.com/page/tachtigers

چ ڕۆژگارێک تێی کەوتووین!.. د.حیکمەت نامیق

ئامانجی ئەم وتارە کورتە بەم تایتڵە مەبەست لێی ئەوەیە کە ڕۆژگارێکی یەکجار ناخۆش مرۆڤ لەم سەردەمی سەرمایەداریدا تێی کەوتووە تێیدا مرۆڤ ڕۆژانە لەنێو قەیراندا گوزەر دەکات، بەیەکارکردن لەسەر ڕێگەی کایەی سیاسی و دەسەڵات لەسەر گەڕانە کەمایەتی وئابووریەکانی تاک یەک جار گرنگە، چونکە دەسەڵات بەرپرسی یەکەم و کۆتای کەمگرێیە. قسەیەک هەیە دەڵێ{ دەسەڵات هەزی ئەوەی هەیە ژیان لەیەککاتدا هەم بکاتە دۆزەخ هەم بکاتە

بەهەشت} ڕەنگە ئەم گوتەیە تائەندازەیەکی تەواو دروست بێت، چونکە ئەو دەسەڵاتە خاوەن ئابوریی و بازرگانی و بەیاری سیاسی و دامەزراوە فەرمیەکانە. هەروەها هەر خودی دەسەڵاتی سیاسیش جۆری کەمپەینگ دەکات هەرکات بیەوێ هەیدەسوڕێنێت وبکارێ دێنێت بۆ ئەوەی هەمیشە لەژێر کنتڕۆڵی خۆیدا بمێنێتەوە. لەڕووی زیانی مرۆڤکان بەشێوەی سەرەکی لەژێر هەژموونی دەسەڵاتە جیاوازەکانە، هەرچەند ئەم بڕووبۆچوونە ڕەنگبێ پێچەوانەی ئەو سیستەمە ژیانە و تەژراوانە بێت کەوا نوێنەرایەتی قوتابخانەی ستراکتوری کەمەڵایەتی و پێگەیاندنی کەمەڵایەتی دەکەن، بەڵام بەواقیعی دەرکەوت لەکوردستاندا خۆشی و ناخۆشیەکانی مرۆڤ لەژێر هەژموونی دەسەڵاتداران وسیاسیەکانە هەرکاتێ بیانەوێ ئەوا بەیەک بەیارو گوتار زیانی کەمەڵگە دەکەنە بەهەشت تێیدا مرۆڤ لەژێر سێبەری ئەم حکومەتە ئاسودە دەبێت. هەرکاتێکیش ئارەزوویان لەبەت دەیکەنە دەرخ دەخێک دروستدەکەن تێیدا مرۆڤ بەز لەمرۆڤبوونی خۆی بکاتەوە هەمیشە وەک کەسێکی تووڕە و هەڕەشەوو دەرکەوێت. ئەگەرچی پەروەردەو ستراکتەری کەمەڵایەتی و پێگەیاندنی مرۆڤکان بەشێکی گەورەی ئازارو خۆشیەکانی کەمەڵگا پێدەهێنێت نکۆڵی ئەم کایە گرنگەی کەمەڵگا ناکرێ. بەڵام ئەوەی هەیە پێچەوانەکەی بەرجەستەیە فاکتەری دەسەڵات بە چەمکە کلاسیکی و نوێگەریی مارکسیەکان دەیسەڵمێنن کەوا تەنیا دەسەڵاتی سیاسی ڕەنگدانەوەی ئەرێنە و نەرێنی هەیە لەسەر ژیانی کەمەڵایەتی مرۆڤکان. لەمڕۆ ئەم بڕوونە گرنگو لەسەر گەڵانکاریەیە کەمەڵایەتییەکانیش دەکاتەوە بەنموونەی دەسەڵاتی سیاسی بە چاکسازیەیە ئابوریی و دارایەکانی دەتوانێ فۆکسی تەواویش بخاتە سەر گۆشەی پەروەردەیی و کەمەڵایەتییەکان بەرنجامەکەشی ئێگەر ئەنجامی بدات هەم گۆشەی ئابووری تاکەکەس و هەم گۆشەی مێنتالیتی وعەقڵیەتی مرۆڤکانی لەدەکەوێتەوە. ئەفسوس هەموو کردەوەو هەڵسوکەوتکانی دەسەڵات دژە لەگەڵ خواست و ئارەزووکانی مرۆڤ. وای لەهاتووە مرۆڤ هەمیشە بەنیگەرانی قەڵەقیەوە ژیان بگوزەرێنێ وەک ئەوەی کە ئێستا هەیە. دەسەڵات لەبری ئەوەی خۆشگوزەرانی و خۆشی نیشانی هاوڵاتیانی بدات، کەچی هەر ڕۆژو بارگرانی و قەیرانکی دیکە دەخاتە سەر هەموو ئەو ناخۆشی و ناعەدالەتیانەی کەوا دەمکە بوونی هەیە لەکوردستاندا. بەبڕوونی من دەسەڵات ئەگەر خواستی لەسەر بێت هەم دەتوانێ ژیانی کەمەڵگە بکاتە بەهەشت هەم بیکاتە دۆزەخ بەمانایکی دیکە دەسەڵات میللەت دەخۆش دەکات بە بەرزکردنەوەی ئاستی ئابوریی و دەستکەوتی تاک بەپێچەوانەوەش هەر ڕاستەوخۆ بەتاقەتی دەکات بە دروستکردنی قەیران و ناعەدالەتی زیاتر.

د.حیکمەت نامیق

وانینیک لەبارەی شیعری نارین ئەستەم.. موحسین ئەحمەد عومەر

ئەزموونی نارین ئەستەم سەرەتای کەم تەمەنی خۆی، بە یەکێ لە ئەزموونە پێشەنگەکان شیعری نوێ یان شیعری پاشنوێخوازی کوردی دادەنرێ، بەگومان کەمەک هەو و هەکار هەن وادەکەن ئەم ئەزموونە ئەم سیفەتەی هەبێت و هەر ئەمانەش وادەکەن زۆر تایبەتمەند بێت و لەنێو شاعیرە هاوتەمەنەکانی خۆی یان نەوەی خۆی جیاواز بێت. ئەو وەک ئەو باسەندە تەنیایەیە لە تەنیشت پەیەک لە باسەندەی دی دەفەە، هەر بەو شێوەیەش خۆی دەناسێنێ، هەر ئەم خاڵەش یەکەم هەڵکەوتی ئەسەنایەتی و خوێنەرانەی پاش نوێخوازانەی ئەوە.

بە پێویستی دەزانم سەرەتا کەمێک باس لە ئەزموون و هەڵکەوتی ئەمەی شیعری کوردی بکەم، بەگومان ئەم ڕوانینەش خوێندنەوەیەکە تەنیا ڕوانینەکە و ئەم بابەتە هەشتا توێژینەوەی ئەکادیمی تیەری و کردەکی قووڵتر و زیاتر دەوێ.

لە دوای ساڵی ٢٠١٠ ەوە، وەک بەشی ئەمە لەناکاو یان ئەمە لەگەڵ جیهان لەناکاو دکەوینە ناو سەردەم و هەڵکەوتکی دی زۆر زۆر جیاواز لە پێشوو. بەگومان ئەم سەردەم و لەناکاوییە، ەگ و ێشکانی دگەتەوە زۆر پێشتر، دەتوانین بە کەتایی سەردەمی نوێخوازی ژیان و فەرهەنگی کوردی دابنێین، بە سەرەتای سەردەمی پاشنوێخوازی دابنێین. لەڕەوە، ەوخسارکانی ئەم گەانە چەند ساەک دواتر، بە دروستی دە پانزە ساەک درەنگتر دەردەکەون. خەسەتکانی ئەم ماوە نوێیش بریتییە لە نەمانی یەکانگیری کەمەایەتی و سەرهەدانی ەوانینی جیاجیا و ەووخانی نرخ و بەهاکانی سەردەمی نوێ، نەمانی خەیاڵ و فەزای پێشووی ئەدەبی و فەرهەنگی، داتەپین و ەووخانی جیهان و ناسنامەکان و بچووکبوونەوەی مەوداکان و کورتبوونەوەی دووریەکان، نەمانی مانا و وتای جوگرافیا، لەناوچوون و کاەبوونەوەی پێناسە و ەوانینە نریتییەکان، دەرکەوتنی گەانی مەزن لە شێواز و خەیاڵ و وێنا شیعری و چەمکە ئەدەبی و ەخنەییەکان.

ئەم تایبەتمەندی و ئەم نیشان و خەسڵەتانە، لەلای زۆر لە شاعیرانی ساڵانی ٢٠١٠ بۆ ٢٠٢٥ هەیە، لە لای هەندێکیان سەرتاکان دەگەنەوە چەند ساڵێک زووتریش، بەگومان کەمێک شاعیر هەن لەم ماوەیە، وەک پشتیوان عەلی، پشەوا کاکەیی، گروپی گۆڤاری شیعری سلێمانی و زانیار و ئامیار و بەشدار سامی شاکەو حەبیبە و ئیسماعیل سابیر و ژیار ئەسوەد و زۆری دی. لەلای هەموو ئەمانە وەک هاونەوەی نارین، هەمان ئەو جیهانە پڕ لە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی و جیهانی ڕووخاوی کورد و نەمانی نرخ و بەهاکان هەستی پێ دەکرێ. هەر یەکێش لەمانە تایبەتمەندی شێواز و خەیاڵ و وێنای شیعری خۆیان هەیە، بەڵام ئاستی سادە و ئاستی باڵاو و ئاستی پێشکەوتووی خۆیان هەیە، هەر یەکەیان بە جۆرێک خۆیان دەنوێنن.

ئەزموونی نارین ڕستەم لەنەو ئەم فەزایە لە دایک بووە، ئەو زۆر جیاوازە لە پێش خۆی، ئەم جیاوازییەش بە پلەی یەکەم لەوەوە دێت، زۆر خۆیەتی و زۆر گوێ لە خۆی دەگرێ و دەیەوێ بە تەنیا بێ و بە هیچ سازشێک خۆی بێت و جیهان و ڕوانینی هونەری خۆی پێشکەش بکات. هەر ئەمەش خاڵی ڕەسەنی ئەوە، لە بنچینەشدا مەبەست لە ڕەسەنایەتی، ئەو ڕوانینە نیە کە لە سەردەمی پێش خۆی بەی دەچوون، شاعیر دەبە گیردەی ئەقڵ و لۆژیک بێت، نەخێر، بەڵکو ئەمە مەبەستمان لە ڕەسەنایەتی بەهاوتایی بەرهەمی ئەوە، بەهاوتایی و پێشکەش کردنی کارێک بەسەر ڕێگەی تایبەتی خۆی بەوات، تێکۆشینێکی زۆری فەرهەنگی و هونەری دەوێ، ئەم ئەزموونەش لەو ئاستەیە و هەر لەبەر ئەمەش ئەمە لە سەرتاوە گوتمان، ئەو وەک باندێکی تەنیایە لەنەو هاوتەمەنەکانی.

شیعری نارین ڕستەم کەمێک خەسڵەتی هەیە، ئەو هەردەم دەیەوی جیهان و خەیاڵێکی ئۆگزەتیک (غرابە) پێشکەش بکات، ئەم جیهانە ئۆگزەتیکە بە زۆر شەوە و شێواز دەکرێ، سەرتا پێش هەموو شتێک، مەبەست لەم ئۆگزەتیکە پێشکەش کردنی جیهانێک نیە لە دەرەوەی تێگەیشتنی مرۆیی بێت، نەخێر، بەڵکوو، پێشکەش کردنی تێنەگەیشتنە لە بەرگیکی لۆژیکی، ئەمەش وەک مەجازی نوێ خۆی ڕەپێش دەخات، ئۆگەر سەرنج لە شتە سادەکان بدەین، دەبینین، هەموو شتێک خۆی بە ئاڕەزی نیشان دەدا، بەڵاستی دنیا هیچ ڕوون نیە، هەموو شتێک لەنەو تەم و مژیە، وەک ئەلبەر کامو دەڵێ: ئۆگەر دنیا ڕوون و سازگار بوایە پێویستیمان بە ئەدەب و هونەر نەدەبوو. دروست وایە، شاعیر دەیەوێ ناڕوونی و شەبەنگ بگرێ و تێی بگات، ئەمەش بە زۆر شەوە و شێواز دەکات، سەرتا پێش هەموو شتێک لە ئەزموونی شیعری نارین ڕستەم پێشکەشکردنی چەمکێکی شیعری هەیە، بەگومان ئەم چەمکە وەک چیرۆک و گۆڕانەوە نیە لە ڕەمان و کورتەچیرۆک، نەخێر، بەڵکوو زیاتر بە

چنینی خیاڵ و ڕووداوێک دەچێ شتەکان، وێناکان، ماتریاڵەکان پەیوەندییان پێکەوە هەبیت. شتەکانی ناو ئەم شیعرانە هەموو نموونەن بۆ ئەم لێکدانەوەیە و هەموشیان پەیوەندییان بەیەکەوە هەیە. پاشان شاعیر دوای چنینی ڕووداوی ئۆگزۆتیک و خەیاڵی، کە کەمێکیش لە ئەفسوون و فەنتاستیک نزیک دەبێتەوە، دوای ڕێکخستنی ماتریاڵەکان و شتەکان، سیمایەکی سوریالیش بە شێوازەکە دەبەخشێ، وەک ای بوونی سادەییەکی زۆر لە ئادەمیزادەر، دەیەوێ یارییەکی لە شێوەی یاری منداڵان پێشکەش بکات، لەوڵاشەوە هەست و سۆزەکان، بەگشتی بنچینەی فەرهەنگی شیعرەکان زۆر مرۆییانەن، پڕ لە ناسکی و هەست و سۆزێک کە خەیاڵی ئەوە دەدەنە مرۆڤ، ئەم جیهانەی تێیدا دەژین زۆر ناسک و ناکامڵ، پڕمان دەڕێ ئەمە لەناو لاوازی و بێهێزی دەژین، لەناو ناجەگیری و لێکترازان دەژین، مرۆڤ تەنیا بە تەگەیشتن لە خۆی، بە داهێنانی ناوەزە لەمە ڕزگاری دەبێت. هەموو ئەم تایبەتمەندییانە و هەشتا زۆرتریش لە ئەزموونی نارین ڕستەم دەدەزینەوە، بە گشتیش ئەم ئەزموونە پێویستی بە تۆژینەوەی ڕەخنەیی و کردەکی هەیە.

موحسین ئەحمەد عومەر

گۆڤاری نما ژمارە ٦١

[بۆ خوندنەوەی ژمارە ٦١ی گۆڤاری نما کلیکی ئێرە بکەن..]

Nma61Download